کاتێک خوای گەورە ئادەمی دروستکرد -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: بڕۆ سەلام لە ئەوانە بکە -کۆمەڵێک فریشتە دانیشتبوون- گوێبگرە چۆن وەڵامی سەلامەکەت دەدەنەوە؛ ئەوە سەلامکردنی تۆ ونەوەکانتە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «کاتێک خوای گەورە ئادەمی دروستکرد -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: بڕۆ سەلام لە ئەوانە بکە -کۆمەڵێک فریشتە دانیشتبوون- گوێبگرە چۆن وەڵامی سەلامەکەت دەدەنەوە؛ ئەوە سەلامکردنی تۆ ونەوەکانتە. (ئادەم) ووتی: السلام علیکم، ئەوانیش ووتیان: السلام علیک ورحمة الله، وهەروەها (وبرکاته) یان زیاد کرد وەکو وەڵامێک بۆ سەلامکردنی ئەو».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

مانای فەرموودەکە: کاتێک خوای گەورە ئادەمی دروستکرد فەرمانی پێکرد بۆ ئەوەی بچێت بۆ لای هەندێک لە فریشتەکان کە لە نێوان سێ بۆ نۆ فریشتە دەبوون، بۆ ئەوەی سەلامیان لێبکات وگوێی لە وەڵامی ئەوان بێت، وئەم سەلامکردنە لە نێوان ئادەم وفریشتەکان دەبێتە سەلامکردنی ڕێگەپێدراو بۆ خۆی وبۆ نەوەکانی ئەوانەی لەسەر ئاینی پێغەمبەرانن، وشوێنی سونەتەکانیان دەکەن، (ئادەم) فەرمووی: السلام علیکم، ئەوانیش (فریشتەکان) فەرموویان: السلام علیک ورحمة الله، و (رحمة الله) یان بۆی زیاد کرد، وئەم شێوازی سەلامکردنە ڕێگەپێدراوە لە کاتی سەلامکردنەوە و وەڵامدانەوەی سەلامدا، ولە هەندێک فەرموودەی تردا: (ورحمة الله وبرکاته) یش هاتووە جا لە کاتی سەلامکردن یان وەڵامدانەوەی سەلامدا.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3556